# بیرکردنەوە لە من باڕاستیت تیا بکوژێت!!..

شەهید کەوڵۆسی-فەرەنسا

من لەزیندانێکدام دیواری لەتاریکییەو، ڕوبەڕجەنگاوەرەکانی دۆزەخ گەردەلول دەکێشم.

وەک گولەنیگام دەنێم بەسبەی نێوە سەردەکات، جگەرگۆشەترین ، بەدرێژایی ئەمڕۆژانەو ڕۆژانی پێشترو دواتریش هەستەکەم دیوارێک لەنێوان من و گۆی زەوی هەستاوەتە سەرپێ ، هەستەکەم هێزێک لەهەوایا دەنگم زنجیردەکات .

گوێگرتن لەم قسانە هۆشیاریت نەخۆش دەخات، ئەگەرتوانیت وەک پێویست ئەم دێرانە مەخوێنەرەوە، چونکە دەرهاویشتەیەکی خود ویستییەو چیدیکەنا.. خود ویستی کاتێکە، هەست بکەیت لە تاریکیدا زیندانیت و دەنگت لەفەزای ژورەکەتدا دەبێتە وردە زوقم. با ختورە نەکات دڵی تۆ، چونکە وەک جۆلیان دەڵێت: (زیندانی نایەتە خەونی ئازادێکەوە، بەڵام ئازادەکان هەمیشە لە خەونی زیندانەکاندان)!!....



بیر لە من بکەرەوە،

بیرکردنەوە لە من با پرسیارت لا دروست کات

وەک مەزڵوم لە زاڵمە گوناحەکەی

وەک عابید لە مەعبودە شەڕانییەکەی.

باکاتێک پێلاوت کردە پێت،

بیرکردنەوە لە من بتنێرێت بۆ دورتیرین دورگە

بۆ شەڕی گران و تولانی

بیر لە من بکەرەوە وەک هەڵهاتن لە کۆشماخ

وەک لە تاریکیدا بە دوای چاویلکەکەتدا بگەڕێیت

تا بە هونەرەوە لە بەرڕۆشنایی مندا نور بهۆنیتەوە

بە عەشقەوە بۆ فرزەندە هەتیوەکانم  باران بچنیتەوە.

من هیچم نەبوو بۆ تۆ

ئەوەی هەبوو هەناسەیەکی درێژو درۆ

من دەزانم درۆکردن زمان دەوڵەمەند دەکات دیدەوار،

هێزی درۆ نەبوایە عەشق ئەو ڕەونەقەی نەدەبوو

ژیان درۆیەکی قەشەنگە وەکو خوێن پەڕیوەتە چاومان

بێ تۆ کەدیوی یەکەمی درۆکانی منیت

ژیان دەست نایات دیدەوار،

درۆکەماڵی ڕاستییەکی مەرجانییە

لەناخماندا دەبریسکێتەوە!!!!

درۆ ڕۆحی دڵدانەوەی ژیانە لەدەستی حەقیقەتی گەلحۆ،

هەناسەیەکی پاک درۆ

وەک هەڵهاتویەکی ژێردەواری  سوتاو

لەسینەمدا هەناسەیەکم وەک گەنجینە هەڵگرتبوو بۆ تۆ،

وەک خنکاوێک لەژێرئاودا

قومێک هەناسەم هەڵهێنایەوە بۆ تۆ.

سەیرنەبێت بەلاتەوە ئەگەربڵێم:

کتێب بۆیە لەباران لەپێشترە چونکە درۆ دەکات!

کتێبە درۆزنەکان دەخەینە ژێر باڵمان و لە بارانی دەشارینەوە

بەفرهێندە سپییە چاومان پێی هەڵنایەت

بەڵام تۆ

بەدیارگۆرانییەکی ڕیاکارەوە دەتوێیتەوەو

لەبەردەم شنەبایەکی ناسک و نازدارا بە دیوار بۆ! ؟

لەڕاستیدا دەمەوێت زیاترلە سەری بڕۆم

چونکە ئەوەی نەزانێت لە پشتی تاریکییەوە

ژمارەی زیندانییەکان چەندن

ئەستەمە بزانێت لە پشتی خۆرەوە

ئازادی کەوتۆتە کوێی قوڵایی گەردونەوە

ئەبێت لەوەتێبگەین جوانی بەرهەمی درۆیەکە

لە کاتێکدا زمان بەرگەی مانەوە ناگرێت

لەماڵە تاریکەکانی ڕاستیدا

تۆ بیربکەرەوە

ئەو هەموو جەنگاوەرانەی دونیا بەدوای ڕاستیدا ڕۆشتن

لەو سەرەوە لە سەرپشتی شەهادەت گەڕانەوە

شەهادەت بێمانایە ئەگەر بەدرۆمانادارى نەکەین

ئێمە نازانین ئەوان بۆ کوژران ؟

درۆپێمان دەڵێت کەم ژیان و کەڵ ژیان

بۆ ئەوەی دڵی شار نەشکێت

شەقامێک ناودەنێن مامەڕیشەو

شارێکیش بەشاری هۆلاکۆبەزێن!

پێت سەیرنەبێت ،

کوێرەکان لەهەرکەس جوانترەوسفی ژیان دەکەن

لە هەرکەس لەپێشتر دۆستی ڕەونەقی بەهارن،

ئەوان شەنسی ئەوەیان لە ئێمە لە پێشترە

چونکە زمان قودرەتی بینینیان کەم تردەکاتەوە.

ئەزانم ئێستا دڵت پێم دەسوتێت

وەک دایکم دەڵێت: کوێربم ڕۆڵە فەوتایت

ئەزانم وەک ئەوتاریکییەی بەخەنجەرێکەوە بەدوامەوەیە

خوێنم تێکەڵی پێکێک شەراب دەکەیت و هەڵیدەدەیت

بیرمە ڕۆژێکیش پێم وتیت:

ئەگەرمەست بویت بەخوێنی من بەد مەستیکە

چونکە بەد مەستی تاقە ڕێگای نزیکی من و تۆیە

لەسەرخوانی مەعریفە

مرۆڤ ناتوانێت لەگەڵ ڕاستیدا کۆک بێت

بۆیە من و تۆ ناگەین بەهیچ

مرۆڤ ناتوانێت مژدەی چونە بەهەشت لە خەیاڵی بکاتە دەرەوە

بۆیە من و تۆ ئەگەین بەیەک

بڕوانە دیدەوار تامی درۆکردن چی لەزەتێک دەدات بەژیان

بڕوانە چەندبێ دەربەستین بەرانبەر بەمردن

چونکە ئێمە دەچینە بەهەشت

ماڵەکانی بەهەشتم لێدیارە

ماڵەکانی دۆزەخم لێدیارە

منداڵانی بەهەشت دێن بەپیرمەوەو بەگۆرانی دەمبەن

گیا دێتە ژێربالْم و بەسەوزی دەمبەن

ڕوبارێک شەراب دێتەڕێم و دەمبات

ئەو حۆرییە نازەنینانە

لەژێرکەپری باخەکانا چاوەڕێی منن

خودا لە دورەوە وەک مودیرێکی خۆش ڕو

دەستیم بۆ بەرزدەکاتەوە

پێغەمبەران لە ناوڕوباری هەنگوین و شیردا یاری دەکەن

هاواردەکەن خۆشهاتیت ئەی نوسەرەوەی کتێبی ژیان بەڕوتی

مالەکانی بەهەشتم لێ دیارە

مالەکانی دۆزەخم لێ دیارە

سوارپشتی بوراق دەبم و

دەستم دەخەمە سەر شانی کۆترێک

بەپاسەوانێکی ڕەشتاڵەی دۆزەخ دەڵێم:

دەرگای دۆزەخم بۆ بکەرەوە هاوڕێم

با کەمێک بەم مەخلوقاتە نایفانە پێکەنم

دەرۆم و زمان لە پیاو کوژان دەردەهێنم

تف دەکەمە ناوچاوانی خائینان

بەشەهیدێکی نیشتیمان پەروەر پێدەکەنم

تاکێک لە قۆنەرەکانم ئەگرمە فاشییەک

سەرم گێژ داخواو هەستەکەم درۆ دێتە ژێر باڵم و

لە تەنگاسی دەمباتەوە

چی لەوە سامناکترە ببیتە دیلی ڕاستی

لە وەکوشندەترئەوەیە خەیاڵت ببێتە موچەخۆری زمان

ئاخردەمەوەری ئێمە لە بەردەم تێکستی ئەو کەسانەی

کە هەر بەزگماک لاڵ بوون هەندێک جار لە سەگوەردەچێت

بیرتە ڕۆژێک پێم گوتیت:

کەسێک لە گۆشەی کتێبێکەوە

بەدزییەوە سەیری دونیا دەکات

ئێمە کە قسەیەکمان لە سەر بێدەنگی ڕۆژگار نەبوو

بەڵام کەسێک بە باوەشێک نورەوە هەڵدێت و

وا دەڵێت: (بیر لە من بکەرەوە لە ناو ڕۆژە بێدەنگەکاندا

بیرکردنەوە لە من باڕاستیت تیا بکوژێت

ڕاستییەک جوانی لە ناخی هەمووماندا کوشت و

کەچی کە دێتەوە کە لـلەسەری پڕە لەئاگر

بیر لە من بکەرەوە بیرکردنەوە لە من بکەرە سەرەتای دروستکردنەوەی دونیا بەڕوتی

چی لەوە ناخۆشترە هێندە هەستیار بژیت لەحزەیەک چییە نەتوانی غافڵ گیرم کەیت.